



# تەنوورە لوتکەی مۆدی جلوبەرگی وەرزی گەرما پێکدەهێنێت


لەگەڵ هاتنی وەرزی گەرما، جینز و پانتۆڵە تەسکەکان، دەبنە مایەی بێزارکردن و گەرما، چونکە جەستە دەگرن، چارەسەریش بۆئەو دۆخە هەڵبژاردنی تەنوورەیەکی ناسك و ناوازەیە، کچە ناودارەکانی جیهان وەك : (نادین نجیم و ریهانا و بیۆنسیێ و لجین عمران) پێیان وایە، تەنوورە جوانترین مۆدی جلی وەرزی گەرمایە، بە تایبەت ئەگەر تەنوورەیەکی درێژ و تەنك بێت، چونکە کەشێکی خۆش بە خاوەنەکەی دەدات و لە جوڵە و هەستان و دانیشتنیشدا بێزاریی پێوە دیار نابێت، دیاترین مۆدەکانی تەنوورە بۆ هاوینی ئەمساڵ، بریتییە لە تەنوورەی نەخش و وێنەدار، تۆی خانمیش شێوازێکی ناسکت دەبێت ئەگەر تەنوورەکەت وێنەیەکی لەسەر چاپ کرابێت، یان کۆمەڵە ڕەنگێکی تیایدا بێت، مەرجیشە لە قوماشێکی نەرم و ناسك بێت، تا جەستە نەگرێت و بتوانیت بە خۆشی لەسەر جەستەت بنیشێت، بۆ ئەوانەی باڵایان بەرزە، دەبێ تەنوورەکانیان بە نەخشی مات بێت، ئەوانەش باڵایان کورتە با تەنوورەکانیان لە نەخش و وێنەی زەق بێت، تا دیمەنێکی گەورە بە بەژن و باڵایان بدات.

## کاتژمێرەکان جوانترین خشڵی وەرزی هاوینەن



لەلای ئافرەتان کاتژمێرەکان جگە لەوەی ئامێرن بۆ زانینی کات، زیاتر بۆ جوانی و رازادنەوە و وەك خشڵ لە دەست دەکرێت، بەڵام زیاتر رووە جوانکاری و خشڵەکەی وەرگرتووە، لە وەرزی گەرمادا کاتژمێر زیاتر لە دەست و مەچەکدا بەدەرەوەن، ئەویش بەهۆی ئەوەی جلی کورت و نیوقۆڵ دەپۆشرێن، بوونی دەست و مەچەك بە سادەیی و بەبێ هیچ خشڵێك، نامۆیە، بۆیە دەتوانیت سوود لە جوانیی کاتژمێرەکانی دەست وەربگریت، تا مۆدێکی ناسك و رەوانت پێ ببەخشێت، مەرج نییە کاتژمێرەکەت لە مارکەیەکی گرانبەها بێت، هەندێ جار بە کاتژمێرێکی سادە جوانییەکی ناوازە بە دەستت دەدەیت، هەر یەکە لە مارکەکانی (رۆلێکس و گراف و بۆلگاری و بیاجێت و پاتریك فلیپ)، جوانترین و سادەترین کاتژمێرەکانیان وەك بەرهەمی خشڵەکان بۆ وەرزی گەرما پێشکەش کردووە، کە کاتژمێری سادە و ساکارن، لە قەبارەدا بچووکن و قایشەکانیان زیاتر دیارە، چونکە ڕەنگی جیاوازیان لە سەرە، گرنگە ڕەنگی کاتژمێرەکەت لەگەڵ ڕەنگی جل، یان ماکیاژ، یان جانتای دەست و پێڵاوەکاندا هاوشێوە بن، واتە کاتژمێرەکەت و بەشێکی دیکە یەك ڕەنگ بن، یان ڕەنگەیان نزیکی یەکتر بێت.







# ڕێنمایی و هەنگاوەکان بۆ ڕێگری لە تێکچوونی جوانیی پێست

دەرکەوتنی نیشانەکانی چرچ و لۆچ و پیری بەسەر رووخسار و پێست گەورەترین گرفت و هەستە کە ڕووبەڕووی هەموو کەسێك دەبێتەوە، راوێژکاری بەریتانی بۆ نەخۆشییەکانی پێست (جینا یووی) پێیوایە کە نیشانەکانی پیری لە ئافرەتاندا زووتر دەردەکەون، نەوەك لە پیاوان، بۆیە پێویستە ئافرەتان زیاتر ئاگاداری ئەو رەوشە بن، هەروەها هەنگاوی پێویست بگرنەبەر بۆ ڕێگری بەرامبەر ئەو حاڵەتە، وەك پسپۆڕێکیش چەند ڕێنماییەکی ئامادەکردووە کە ڕێگرە لە زوو پیر بوون و کێشەکانی رووخسار و پێست، کە بریتین لە: بەردەوام شوشتنی دەموچاو، چونکە ئاو ڕێگرە لە چرچ و لۆچی و وشکبوونی پێست، هەمیشە وابکە لە شوێنی پاکدا بیت، لە ناوچە ژینگە پیسەکان بە دوور بە، خۆت لە هەموو کارێك مەدە کە دەزانی دەبێتە هۆی پیسبوونی پێست، لە کاتی کارکردنی ناوماڵدا دەمامکێك لەدەموچاوت بدە، هەوڵبدە لە کلینکسی ماکیاژ پاککەرەوە بە دوور بیت، کلینکسی تەڕ باشترین چارەسەرە بۆ لادانی ماکیاژ، کرێمەکانی ئۆکسجین بەکاربهێنە، بە تایبەت لە دوای پاککردنەوەی رووخسارت، هەوڵبدە هەمیشە روخسارت تەڕ بێت، ئەوەش بە خواردنی میوە و سەوزەی زۆر و نەرمکردنەوەی پێست بە کرێمی تایبەت، پێستت زۆر مەخوورێنە، بە تایبەت پێستی روخسار، لە کاتی دەرچوون، کرێمی دژە هەتاو بەکاربهێنە، هەروەها رۆژانە بڕی پێەیست ئاو بخۆرەوە کە لە (٨) کووپ کە کەمتر نەبێت، ئەگەر پێستت گرفتێکی هەبوو، سەردانی پزیشك بکە.



## ماڵێکی داپۆشراو لە فەرش

لە ماڵدا لە وەرزی زستان و سەرمادا فەرشەکان ڕادەخرێن، کە بۆ دژە سەرما بەسوودن و هەروەها دیکۆرێکی جوان بە ناو ماڵ دەدەن، کەچی ئەو پیاوە بیرۆکەیەکی دیکەی بۆ فەرشەکان هەیە، پرۆژە و بیرۆکەکەی بە ناوی (فەرشی ناوەوەیە) کە هەموو ماڵەکەی لە فەرش بێت، ئەو پیاوە ناوی (فەرید ڕاسۆلۆف)ە خەڵکی وڵاتی ئازربایجانە، پێشتر کاری پزیشکیی کردووە و ئێستا هاتۆتە نێو بواری هونەر، ئەو کەسە پێی وایە کە ئەگەر ژوورێك، یان ماڵێکی تەواو لە فەرش دروستکرابێت، ئەوە واتە تێکەڵکردنی کولتووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای جیهان، زیاتر لە (٥٣) فەرشی بەکارهێناوە بۆ داپۆشینی هەموو کون و قوژبنێکی ژوورەکە، جگە لە فەرشەکان، هەروەها چەندین پەیکەری گیانداران و باڵندەکانیشی داناوە، تا لەو ژوورەدا کەشێکی سرووشتی و ئاسایی تێکەڵ هەبێت، ئەوەی سەیرە تەواوی کەرەستە و کەلوپەلەکانی ئەو ماڵە بە فەرش داپۆشراوە تا ببێتە ماڵێکی ناوازە و نموونەیی تێکەڵ بە کولتووری هەموو جیهان.



## جلوبەرگ لــــــــــــ

جیهانی فاشیۆن و جلوبەرگ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بەرهەمی تازە ناوەستن و لە نمایشەکاندا پۆشاکی وا نیشان دەدرێن، کە بوونەتە جێگەی سەرنج و تێڕامان، دواجار لە نمایشێکدا کە لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بەڕێوەچوو، جلەکانی نمایشکاران لە قوماش و پەموو نەبوون، بەڵکو لە لاستیك بوون، لاستیش بە جۆرێك بوو کە لە شێوەی دەبدەبە (میزڵدان) ئامادەکرابوون، ڕێکخەر و دیزاینەری ئەو جۆرە جلانە دیزاینەر (فریدریك تیجی ئێراندنسن)ـە کە پێی وایە: ئەو جۆرە جلە جگە لەوەی سەرنجڕاکێشە، هەروەها خۆش و ئاسانە



## پێشبڕکێی جوانترین و سەرنجڕاکێشــــــــــــ

ساڵانە پێشبڕکێی ڕۆیاڵ ئیسکۆرت لە وڵاتی بەریتانیا و لە شاری بارکشێر ئەنجام دەدرێت، ئەو پێشبڕکێیە تایبەتە بە ئەسپسواری، کە ماوەی پێنج ڕۆژ دەخایەنێت، هەرچەندە هێشتا پێشبڕکێیەکە وەك شێوەی ئاسایی خۆی بەڕێوەدەچێت، بەڵام ئێستا لە نێو پێشبڕکێکەدا دیاردەیەکی دیکە سەری هەڵداوە، ئەویش پێشبڕکێی جوانترین کڵاوەکانی ئافرەتانە، ئافرەتان هەر تەنیا بە دیار پێشبڕکێکەوە ناوەستن، بەڵکو ئەوانیش جوانترین و سەرنجڕاکێشترین کڵاو دروست دەکەن و لەسەری دەکەن، ئێستا وای لێ هاتووە، کە ئەگەر ئەو دیاردەیە نەبێت، ئەوا پێشبڕکێی ئەسپسواریی ڕۆیاڵ ئیسکۆرت





## ـــــــه دەبدەبە

بۆ لەبەرکردن، تەنیا پێویستی بە هەوا هەیە، کە لە دەبدەبەکان بکرێت. بینەر دەتوانێ بە چاوی سادەوە جەستەی نمایشکارەکە، یان ئەو کەسە ببینێت کە ئەو جۆرە جلەی پۆشیوە، دەشتواندرێت لە دوای جل داکەندنەکە هەوای بەتاڵ بکرێتەوە و بکرێتە پارچە دەبدەبەیەکی گەورە، یان وەك خۆی بهێڵدرێتەوە تا بۆ ڕۆژی داهاتوو لەبەر بکرێت.



## ـــــــترین کڵاوی ئافرەتان

تامی نابێت، ئافرەتانیش هەر یەکە بە کڵاوێکی سەیر وسەمەرەوە بەشدار دەبن، لە هەمان پێشبڕکێدا جوانترین و سەرنجڕاکێشترین کڵاوی ئافرەتان دەستنیشان دەکرێت. (سارە پۆرتۆن) ڕێکخەر و سەرۆکی بەشی جلوبەرگ لەو پێشبڕکێیەدا، دەڵێ: وەکو چۆن پیاوان بە پێشبڕکێ نمایشەکە بە جۆش دەکەن، ئێمەش دەتوانین بە کڵاوە جوانەکانمان سەرنجی هەموان ڕاکێشین.



# هەلاجی (پەڕەچی)
# پیشەیەکی کۆن لە کوردستان



پەڕەچی،یان هەلاجی لە کوردستاندا پیشەیەکی کۆنە، تا ئێستاش ئەو پیشەیە لەلایەن وەستا دەسترەنگینەکانەوە ماوە، بەڵام بە ڕێژەیەکی زۆر بەرەو نەمان دەچێت، لەو پیشەیەدا سوود لە لۆکە و خووری وەردەگیرێت و دەکرێت بە دۆشەگ و سەرین و کەرەستەکانی دیکەی ناوماڵ، هەلاج(پەڕەچی) ئەو کەسەیە بە دارێکی ڕێکی درێژ، یان لە ڕێگەی ئامێرێکی دەستییەوە کە لە کۆنەوە پێی وتراوە (جیکەنە)، کە لە دارێك و ژێیەك لە سیرمەی پێست دروستکراوە، بۆ لۆکە و خوری شیکردنەوە بەکار دێت، بۆ دروستکردنەوەی، یان تازە کردنەوەی دۆشەگ و لێفە و سەرین. پیشەی هەلاجی (پەڕەچی)، بە هۆی دروستبوونی ئامێری کارەبایی بۆ شیکردنەوەی خوری و لۆکە وایکردووە کە ئەو پیشەیە بەرەو نەمان بچێت. لە کۆندا هەلاجەکان (پەڕەچییەکان) لەگەڵ ئەو ئامێرانەی کە بۆ ئەم پیشەیە بەکاریان دەهێنا، لە شەقامەکاندا دەگەڕان، لە کۆندا هەلاجەکان(پەڕەچییەکان) دەڕۆشتن بۆ ماڵەکان لۆکە و خورییان شی دەکردەوە، دواتر ئامێری کارەبایی پەیدابوو کە بۆ شیکردنەوە و دەرهێنانی لۆکە بەکاردەهێنرا، جاران وا باوبوو کە جووتیاران لۆکەکانیان بۆ لای وەستا، یان پەڕەچی دەهێنا و ئەویش بۆی دەهۆننەوە و چاکی دەکرد، دوای ئەوەی ئەم لۆکانە دەردەهێندران لە بازاڕ دەفرۆشران، دواتر پەڕەچی ئەو لۆکە و خورییەی ئامادەی دەکرد ودەکرانە لێف و دۆشەگ و جاجم و لە دوکانەکاندا دەفرۆشران. لە کۆندا



هەلاج دەهاتە ماڵان لە بەیانییەوە تاوەکو درەنگانی شەو پشکنینەوە و هۆنانەوەی بۆ لۆکە و خوریی ئەو ماڵە دەکرد، ئەم کارەش چەند ڕۆژێکی دەخایەند، ئەگەر ئەو کەسەی ماڵی لە گوند بوایە و پێویستی بە هەلاج (پەڕەچی) بووایە، هەلاج تا کارەکەی تەواو دەکرد، بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك لە گوندەکە دەمایەوە، لە ئێستادا پیشەی هەلاجی(پەڕەچی) لە کەمبوونەوەدایە و زۆربەی هاووڵاتیان دۆشەگ و لێفە و سەرینی لە لۆکە دروستکراو بەکار ناهێنن، لەڕووی تەندروستییشەوە ئەو سەرین و لێفانەی کە لە لۆکە دروستدەکرێن بۆ ئازارەکانی پشت و مل بەسوودەن و تاوەکو ئێستاش هەندێك لە دکتۆرەکان بۆ تەندروستییەکی باشتر داوای ئەوە لە نەخۆشەکانیان دەکەن، کە سەرین و لێفەی لە لۆکە دروستکراو بەکاربهێنن.





## کاریکاتێر

باس لەو کەسانە دەکات کە لە نێو تۆڕە کۆمەڵاتییەکاندا خۆیان وەك گاڵتەجاڕێك دەردەخەن، کەچی لە ڕاستیشدا کەسێکی خەماوی و بێ هەستن، وەك ئەوەی نواندنێك بکەن و ڕووی ڕاستیی خۆیان بشارنەوە.



## نوکتە

کەسێك یەکەمجاری دەبێت کە بچێتە سینەما، لەوێ فیلمی (گاشێتەکان) دەبێت، کە بەناو خەڵك دەکەون، کەسەکەش هەڵدەستێتەوە و هاوار دەکات: با بچینە دەرەوە ئەگینا ئەو گایە هەمووومان دەکوژێت، خەڵکەکەش پێی دەڵێن ئەوە فیلمە هیچ مەترسییەکی نییە، ئەویش دەڵێ: خۆ من دەزانم فیلمە، بەڵام ئەو گا سەرشێتە چوزانێت فیلم چییە.!




# دەمانچەیەکی ژەنگاوی بە ١٨٢ هەزار دۆلار

ناودارەکانی جیهان، لە دوای مردنیان هەرچی پاشماوە و کەرەستەو کەلوپەلەکانیان هەیە، نرخی خەیاڵی بۆ دادەنرێت، لە ئێستاشدا لە شوێنەکانی فرۆشتنی ئاشکرا و لە مەزادخانەکان ململانێی نرخی زیاتری بۆ دەکەن. وێنەکێشی هۆڵەندی (ڤێنسنت ڤان کۆخ) لە ساڵی (١٨٩٠) بە دەمانچەیەك لە جۆری (لیڤۆشۆ) خۆی کوشتووە، دەمانچەکەش ئێستا وەك پارچە ئاسنێکی ژەنگاوی ماوەتەوە، بەڵام دواجار لە ماڵی فرۆشتنی ئاشکرا دانرا بۆ فرۆشتن، نرخی دەستپێك لە (٦٠) هەزار یۆرۆ دەستی پێکرد، تا گەیشتە (١٦٢) هەزار یۆرۆ کە دەکاتە (١٨٣) هەزار دۆلار، تەنیا بۆ دەمانچەیەکی ژەنگاوی.

# پێشبڕکێی شاجوانی بێ ماکیاژ

لە کاتی پێشبڕکێکانی شاجوانیدا، شاجوانەکان بە جوانترین جلوبەرگ و نایابترین ماکیاژەکانەوە دەردەکەون، وەك قسەی خەڵك دەگوترێت هەمووی ماکیاژە، بەڵام ئەمجارەیان لە وڵاتی بەریتانیا ئەو پێشبڕکێیە بە شێوەیەکی دیکەی پێشبینی نەکراو بەڕێوەچوو، کە پێویستە شاجوان بەبێ ماکیاژ دەربکەوێت، پێشبڕکێیەکە (٥٤) بەشداربووی لەخۆ گرتبوو، لە شاری (نیوکاسل) بەڕێوەچوو، خاڵی زۆر بۆ ئەو شاجوانانە هەبوو کە هیچ نەشتەرگەرییەکی جوانکارییان نەکردووە، واتە تا چەند سادە و ساکار بێت، هەلی بردنەوەی نازناوی پێشبڕکێیەکەی زیاترە، (ئانجی بێسڵی) ڕێکخەری پێشبڕکێیەکە دەڵێ: گرنگە شاجوان سادە و ساکار و جوان بێت، تەنانەت ئەگەر بەیانیان زوو لە خەو هەڵسێت، هەر شاجوان دەبێت و جوانییەکەی تێکناچێت.





### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ماوەیەکە پێداگری لە هەنگاوەکانت دەکەیت، زیاد لە پێویست متمانە بە کەسی خۆشەویستت دەکەیت، ڕەنگە ئەوەش باش نەبێت، چونکە ڕۆژێك دێ ئەو متمانەیە بە خراپە بۆت دەگەڕێتەوە، کاتێك نهێنییەکت هەیە، لەلای کەسێکی متمانەپێکراو باسی بکە، تا چارەسەرت بۆت بدۆزێتەوە، سەبارەت بە کێشەکانیشت زۆر دڵگران مەبە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کەسێك ڕێگری لە هێنانەدی ئاوتەکانت دەکات، مەهێڵە متمانەی کەسانی دەوروبەرت لەدەست بدەیت، ئەو شێوازەی ئێستات گونجاوە تا کارەکانت جێبەجێ بکەیت. هەوڵبدە لە خاڵە ناکۆکەکانی نێوان خۆت و خۆشەویستت بگەیت و چارەسەریش بۆ گرفتی ڕەشبینیت بدۆزیتەوە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەوەندە گرنگی بە کەسێك مەدە کە قەدری ئەو گرنگیپێدانەت نازانێت، ئێستا هەست بە بێزاری دەکەیت و ئەوەش پێویستی بە کاتە تا کەمتر دەبێتەوە، کەسێکی نزیکت هەوڵدەدات لێت نزیك ببێتەوە و ئامانجێکی خۆی لەگەڵ تۆدا هەیە، تۆش بیرکردنەوەت بۆ ئێستا گونجاو نییە، بۆیە بە بیرکردنەوەکانتدا بچۆرەوە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەر هەنگاوێك پێویستی بە پێشبینیی سەرەتایی هەیە، تا بزانی لە دواتر چی ڕوودەدات، هەمیشە بە دوای بیرکردنەوەی خۆتدا هەنگاوە هەڵبگرە. ماوەیەکە شێوازی بیر کردنەوەت باشتر کردووە، هەر بۆیە واباشترە لە ئاست توانا و متمانەی خۆتدا هەوڵ بۆ ئەنجامدانی کارەکانت بدەیت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە بڕیارەکانتدا بوێربە، چونکە پێویستت بە چەند هەنگاوێکە تا جێبەجێیان بکەیت، هەمیشە گەشبینانە بیربکەرەوە. لەئێستادا کەسێکی نزیکت بەنیازە لە کارەکانتدا هاوکاریت بکات، بەڵام مەبەستێکی هەیە و دەیەوێ لێت نزیك ببێتەوە، تۆیش وریابە و ئاواتەکانی داهاتووت پشتگوێ مەخە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەگەر بەم شێوازەی ئێستا بیر بکەیتەوە، ڕەنگە زۆر شت لە دەست بدەیت، چونکە ماوەیەکە کەسانێك دژایەتیت دەکەن، تۆش ئەو هەنگاوانەی ئێستات پێویستییان بە پشتگیریی کەسێك هەیە تا جێبەجێ ببین، بۆیە کەسەکان باش هەڵبسەنگێنە. هیوایەك لە دڵتدا هەیە و دەتەوێت پێی بگەیت، بەم زووانە بۆت بەدی دێت.

## بۆ زانیاریت



### نرخی ئینتەرنێت

نرخەکان لە سێ جۆر پلان پێکدێن، یەکەم : پلانی standartdX، 1000 گێگا بایت بە خێرایی 10000Mbit/s مانگی تەنیا بە ٩,٩٩ دۆلار واتا بە نزیکەیی دوانزە هەزار. دووەم: پلانی premiumX،2000 گێگا بایت بە خێرایی 20000Mbit/s مانگی تەنیا بە ١٩,٩٩ دۆلار واتا نزیکەی بیست و چوار هەزار، سێیەم: پلانی professional X: گێگا بایت بێ سنورە بەخێرایی یەك ملیۆن مێگا بت لە چرکەیەکدا تەنیا بە ٢٩,٩٩ دۆلار واتا نزیکەی سی و پێنج هەزار، پرۆژەی ستارلینك لە چەند ساڵی داهاتوودا تەواو دەبێ، پرۆژەی ئینتەرنێتی جیهانی starlink کە لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانی کۆمپانیای spaceX وە دەبێت، کە ژمارەیان وا مەزندە دەکرێت تاوەکو ٢٠٢٥ بگاتە ١٢ هەزار مانگی دەستکرد.

## پوختەی فیلم

### درەنگانی شەو – Late Night

فیلمێکی کۆمێدیی دراماییە، باس لە دوو ئافرەتی نووسەر دەکات، کە بەپێی کولتوور و نەریت جیاوازن، یەکێکیان ئەوەی دیکە لەلای خۆی دادەمەزرێنێت، تا کاری بۆ بکات، بەڵام دژە بۆچوونیان دەبێتە دیمەنێکی کۆمێدی، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٤٢) خولەکە، لە وڵاتی ئەمریکا وێنەی گیراوە، لە دەرهێنانی (نیشا گاناترا)یە، بودجەی فیلمەکە (١١) ملیۆن دۆلارە، لە بەرهەمهێنانی (ماندی کالاینگ و هاوان کلیەن و بێن برۆینگ)و لە نواندنی ( ئێما تۆمسۆن و ماندی کالاینگ و جۆن لاتاو و هیگ دانسی و ئێك بارینهۆڵتز)ە.






## پەند و وتە

گیرماین گریر، نووسەری ئوستراڵی و ڕەخنەگری گشتی، لە ساڵی (١٩٣٩) لە شاری مالبۆرن ئۆستراڵیا لەدایکبووە، چەندین بەرهەمی لەسەر پیاو و ئافرەت هەیە، هەروەها داکۆکیکاری فیمینستە، دەربارەی ڕقی پیاوان و ئافرەتان دەڵێ: ئافرەتان ئەگەر هەموو شتێك نەزانن، ئەوە دەزانن کە هەستێکی گەورەیان هەیە، لەوەی پیاوە گەورە و دیارەکان تا چ ئەندازەیەك ڕقیان لە ئافرەتانە!




## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا چەندین کەس هەن، تۆش لەلای خۆتەوە هەوڵبدە لە ماوەی کەمتر لە (٣٠) چرکەدا زۆرترین کەس لە وێنەکە دیاری بکەیت و بیاندۆزیتەوە.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە خۆتەوە بڕیار مەدە، سەرەتا بیری لێ بکەرەوە ئینجا جێبەجێیان بکە، ئەو شێوازەی کاری ئێستات جێگیرە و لەسەری بەردەوام بە. کەسێکی شیاو هاتۆتە نێو ژیانت و دەتوانن پێکەوە بریاری هاوبەش بدەن، تۆش لە ڕەفتارکردنت لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت ژیر بە، کێشەت لەگەڵ کەسێکی نزیکت هەیە، چارەسەر دەبێت.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هەندێ جار بیرکردنەوەکانت ئەنجامی باشیان دەبێت، بەڵام جار جارەش پێویستیان بە گۆڕانکاری هەیە، کەسایەتیت شیاوە تا لەنێو کەسانی دیکەدا خاوەن قسە و پێگەی خۆت بیت، هەمیشە داکۆکی لە مافت بکە و هەنگاوەکانت فەرامۆش مەکە، بۆگەیشتن بە ئامانجەکانت لە ڕەشبینی دوور بکەوەرەوە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بەهۆی کێشەیەکەوە زۆربەی بیرکردنەوەت بەرەو ئەنجامی نەخوازراو ڕێگەیان گرتووە، هەوڵبدە کە کەسێکی شیاو بێتە ناو ژیانتەوە، پێویستە ژیانت بگۆڕی و بەم چەشنەش بۆت ناچێتە سەر. کەسێك چاوەڕێتە و دەیەوێ هەنگاوی پێویست بەرەو رووی هەڵبگریت، تۆش لە کاتی خۆیدا بڕیار بدە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لە زۆربەی کارەکانتدا کاتێك دەگەیتە کۆتایی، لێت تێك دەچێت، هەر بۆیە لە زۆرجار پەشیمانیت پێوە دیارە، ئاواتێکی چەند ساڵەت هەیە و بەڵام بۆت جێبەجێ نابێت، پێویستیت بە کەسێکە تا لە بیرکردنەوەت بگات و هاوکاریت بکات، داهاتووت بەرەو باشی و چاکبوونەوە دەچێت.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کاتت پێویستە بۆ بیرکردنەوە تا بە جوانی کارەکانت جێبەجێ بکەیت، هەمیشە بڕیاری شیاو بدە، گرفتێکت هەیە کە لە کاتی خۆیدا کارەکانت جێبەجێ ناکەیت و فەرامۆشیان دەکەیت. ئەو کەسەی دەیەوێ لێت نزیك بێت، نیازی پاکە و خواستی تۆی هەیە، تۆش ڕێگەی پێ بدە و بەربەستی بۆ دروست مەکە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەستەکانت خەریکن بەرەو بێ ئومێدی دەچن، بۆیە پێویستە زیاتر بیربکەیتەوە و ڕێگای باشتر بدۆزیتەوە. لەم ماوەیەدا کارەکانت پشتگوێ مەخە و گرنگیی تەواویان پێ بدە، ڕێز لە هەستی کەسی بەرامبەرت وەربگرە، چونکە ئەویش وای دەوێت. لەگەڵ کەسانێك کە تازە دەیانناسیت بە وریاییەوە ڕەفتار بکە.